# ئۆجەلان لە بەردەم بانگەشەی ئاشتیخوازی ئەردۆگاندا..
# عوسمانی حاجی مارف

سەرکی پەرلەمانی تورکیا نومان کورتولموش، لە پارتی ئاکەپەی دەسەڵاتدار، پشتگیری لە پێشنیازەکەی دەوڵەت باخچەلی کرد، کەسەرکی پارتی مەهەپەیە، بە چارەسەرکردنی گرژیە لەمۆژینەکانی حکومەتی تورکیا لەگەڵ پەکەکەدا.
پشتر باخچەلی پێشنیاری کردبوو کە عەبدوڵا ئۆجەلان سەرکی زیندانیکراوی پەکەکە، لەبەرامبەر ڕاگەیاندنی کۆتایهێنان بە یاخیبونی پەکەکە، لە سزای هەتاهەتایی ئازاد بکرێت. هەروەها بەهەمانشێوە ڕێگەی پێبدرێت لە پەرلەمانی تورکیا قسە بکات، کورتولموش لە بەیاننامەکەیدا جەختی لەو پێشنیارە کردەوە.
واپێدەچێت پێشنیارەکەی باخچەلی بە ئەوە بێت کە هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی کوردەکان بدات لە گۆڕینی دەستوور بە هەبژاردنەوەی ئەردوگان، بەئەوەی لەلایەک لەئایندەدا ئەردۆگان وەک سەرکەکمار هەبژێردرێتەوە، لەلایەکی ترەوە ئەنقەرە دیپلۆماتبەرەی ناوخۆیی خۆی لەبەرامبەر کاردانەوەی ئۆگری شەڕی ئیسرائیل و ئێران و بارگرژی زیاتری دۆخی ناوچەکە بەهێزتر بکات. هەروەها لەترسی ئەوەی کە ئیسرائیل لەکۆتایدا کاریگەری زیاتر لەسەر پەکەکە دانەنێت، بۆیە هەوڵدات بە بانگەوازی ئاشتیخوازی ئەم پرسە بخاتە بەردەم مامەڵەیەکی سیاسیەوە.
لەگەڵ ئەوەی ناوچەکە بەتایبەتی لە سوریا تووشی هەڵچوونێکی بەرچاو بووە، ئەو هەڵچوونەی کە لە ئاکامی هەرشەکانی هەیئەی تەحریری شامەوە، کە نزیکی تورکیان، هەروەها ڕوخانی ئەسەدو هەڵاتنی، دۆخێکی تازەی بە لایەنە کوردیەکانیش هێناوەتە پێشەوە، هێنگە کاریگەری لەسەر خولقاندنی دۆخێکی تر لە ئاڵوگۆڕی دابنێت. ئەم گۆڕانە دەتوانێت ببێتەهۆی ئەوەی زلهێزە جیاوازەکانی ناوچەیی و جیهانی پەیوندیکانیان لەگەڵ لایەنە کوردیەکاندا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیکانیان بۆئاراستەیەکی جیاوازدا بڕۆن، کە چارەنوسێکی نادیارتر چاوەڕوانیان دەکات، هەر لەم چوارچێوەیدا دەبینین کورتولموش و باخچەلی و ئەردوگان دەربارەی پێشنیاری ئازادکردنی ئۆجەلان بۆدەگیان لەکردووەو مامەڵەکیان ڕاگرتووە.
تورکیا بۆئامانجی دەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچانەیە کە لە ڕۆژئاوای

فوراتە و تائستاش لە ژێر دەسەڵاتی هەسەدان، لەوانە مەنبەج، تەل ئیفعەت و چەندانی تر، بەشێک لەنەخشەی ئەردۆگان، بەدوای کەتایی دەسەڵاتی ئەسەد و دەوریەکی راگوزەر و نادیار لە دەخی سوریادا، بەدەستهێنانی فرسەتێکە بۆ تێکدانی ئیدارەی دەسەڵاتی هەزە کوردیەکان، کە پێی دەوترێت باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا. گەر ئەمەی بۆ چووە سەر، ئەوکات پێشنیارەکەی باخچەلی بۆ ئازادکردنی ئەجەلان دادەخات، لەهەمانکاتدا لە پرسەی لاوازبونی پێگەو نفوزی کەماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکەدا، پێکەکە زیاتر دەخاتە ناو کەمینی سوپاکیەوە.
تورکیا، ڕۆژێکی سەرکی بینی لە جموجۆڵکانی هیئەی تەحریری شام لە حەلەب و ناوچەکانیدا تا کەتایی دەسەڵاتی ئەسەد، گەر ڕۆژ و نەخشەی تورکیا نەبوایە هیئەی تەحریر شام نەیدەتوانی سەربخە ئەو جموجۆڵانە بۆ فراوانیە بکات، یا بەردەوام درێژە بە هەرشکان و دەستبەسەراگرتنی شارکانی تر بدات و بچێتە ناو شاری دیمەشقەوە.
بەگشتی ئەتوانین بڵێین بکردەوە تورکیا لەم دەورانەدا سەرکەوتوو بووە لە فریودانی هەموو لایەنکان، لە هاوپەیمان و نەیارەکانی بە گەیشتن بە سێ ئامانجی سەرکی:
ئامانجی یەکەم: بریتیە لە نەهێشتنی میلیشیا ئێرانیەکان لە سوریا، ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەرژەوەندیەکان و دەوری ئەمریکا و ئیسرائیلەوە هەیە، کە دوای حزبوللاو حەماس و هەسەد و بە ئەگەرێکی زۆرەوە دوای یەکلاییبونەوەی دەخی سوریا، هەزەکانی حەشدی شەعبیش لە عێراق بکاتە ئامانج، کە لەهەمانکاتدا لەم پرسەیەدا ڕەنگە لە هەنگاوی داهاتودا حوسیەکانی یەمەنیش بگرێتەوە.
ئامانجی دووەم: بەدوای ڕوخانی ئەسەد، تا ئەوکاتەی دەخی سوریا ئارام دەبێتەوە و حکومەتێک لە سوریا دادەمەزرێت کە بۆئاراستەی بەرگری لە بەرژەوەندی و پەیوەندی لەگەڵ تورکیا بێت، هەزەکانی لە خاکی سوریا ناکەشێتەوە، بە ئاسانکاری ئەم پرسەیە ڕەنگە تورکیا هیئەی تەحریر شام لەگەڵ فراکسیۆنکانی دیکەدا تێکەڵ بکات لەژێر چەترێکی نوێدا بەناوێکی وەک سوپای نیشتمانی ئازادی سوریا، تورکیای پێ بپارێزێت و پێگەی خۆی لەسوریا فراوانتر بچەسپێنێت.
هەر لەم ڕێگەیشەوە ئیدارەی لایەنە کوردیەکان شکست پێبهێنێت.!
لەهەمانکاتدا لە پرسەی هاندانی گرانەوەی پەنابەرانی سووریە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تورکیا بە ماوحالی خۆیان، ئەوەی دەبینرێت گرانەوەی ئاوارەکان دەستی پێکردووە.
ئامانجی سێیەم: کە گرنگترینە بۆ تورکیە، سنووردارکردنی ڕۆڵی هەزەکانی (هەسەد)یە لە ڕۆژئاوای فورات وەک هەنگاوێکی پێشوەختە بۆ هەرشکردنە سەر ڕۆژهەڵاتی فورات لە داهاتوودا. ئەم قۆناغە بۆ

ئەردگان بە چارنوسساز هەژمار دەکرێت. هەر لەم دەخەدا کە جموجۆڵکانی هەیئەی تەحریر سایەی کردووە، دەسەلاتی ئەسەد کۆتایی هاتوە، بەم شێوەیە تورکیە بەیانوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی وەاتەکەی، تەواوبوونی پڕۆژەکەی بە داگیرکردنی باکووری سوریا و نەهێشتنی پرسی کورد بە لاوازکردنی ئیدارەی لایەنە کوردیەکان و دەرکەشانی دەوری پەکەکە لەو ناوچانە، مسۆگەر دەکات.
جگە لەوەش ئەردگان ئایگەیاندوە ئەنگۆرە تورکیا هەرشەکی نوێ لە باکووری سوریا دەستپێبکات بۆ دامەزراندنی ناوچەی پارێزراو بەدرێژایی سنوورەکانی، بۆتایبەتی بەدوای ئۆگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا. لەهەمانکاتدا ئاماژیەکانی پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکا- تورکیا لە پشتیوانیە درێژخایەنەکانی ئەمریکا بە هەسەدە سەرچاوە دەگرێت، لەکاتێکدا هەردووکیان پەکەکەیان خستۆتە ناو لیستی تیرۆرەوە.
پرسەی بەناو ئاشتی تورکیا و هەوڵشاندنەوەی پەکەکە لەم هەلومەرجەدا بەو مانایەی سەوداومامەلەیەکی سیاسیە و لە نەخشە فروفێڵکانی ئەردوگان و حکومەتی تورکیایە، ناتوانێت نیشاندانی ئومیدێک بێت بە سەقامگیری و چارەسەری پرسی کورد لە تورکیادا.
پلانەکانی تورکیا بەووونی ئەوە دەردەخەن کە تورکیا هەنگاوی خۆرا بە گەیشتن بە ئامانجە فراوانخوازیەکانی دەنێت، بە کۆکوڕگرتن لەو بارودۆخە شێواوەی ناوچەکەدا، کە لەئاکامی ئەو هەرش و داگیرکاری و ویرانکاریانەی ئیسرائیل لەبەرامبەر دانیشتوانی غەززەو لوبناندا پیادەی کردوەو ناوچەکەی لەبەردەم دۆخێکی تازەی پڕ ئاڵۆگۆڕی و ئاماژدا ئاگرتووە، لە هەمانکاتدا دۆخالێت و باڵادەستی ئەمریکای لە ناوچەکەدا بەرجەستەو فروانترکردووە.
گومانی تیا نیە ئەم هەنگاوانەی ئەردوگان بەشێکە لە خزمەت کردن بە بەرژەوەندیە سیاسیەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناوچەکەدا کەسەرچاوەی خولقاندنی ئەو بارگرژی و کارەساتانەن.
تەماحەکانی تورکیاش وەک هەڕەشێکی ئاستەوخۆ بە سەر ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا کاریگەری زیاتر دادەنێت، کە بەئاشکرا دەستەوەردانەکانی لە ناوچەکەدا بەری پەناگیری، لەهەمانکاتدا لەبەر ڕەشنایی وەڵام نەدانەوەی بەردەوامی بە مەسەلەی کورد لە تورکیا و بەیانوی پاراستنی ئاسایشی تورکیا، هێزەکانی لە سوریاو عێراق دەهێڵێتەوە. هەروەها پشتیوانیکردن و پەیوەندیکردن بە ئۆپۆزسیۆنە ئیسلامیە چەکدارەکانی سوریا بە داعشیشەوە دەگرێت و پتەوتری دەکات، ئەمەش مانای مەترسیەکانی دەورو کاریگەری تورکیایە لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی بەدوای زیاتر لاوازبونی ڕەژیمی ئێران لە ناوچەکەدا، کاریگەری لەسەر دۆخی عێراق و حکومەتی هەرێم و چونیەتی

مامۆستا لە بەرامبەر زانستی زەردو زانستی سەوز بە شێوەی جیاواز دادەنێت، لەهەمانکاتدا دەبێتە پشتیوانیەکی بەهێز بۆ سیاستی داسپاندنی پێگەو نفوزی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا.